مەندی بۆچوونی خۆم هەیە لەو مجاچزەیە و رۆژنامە لە راستیدا دەبووی ئەو مجاچزیە لە ئامێکمیکدا بڵاوبکەمەوە.

شێلان: تا ئێستا بیرەوەرییەکانی خۆت نووسیوەتەوە؟

کەمال مەزهەر: بەڵێ، لەبارەی هەرکەسێ بەچێتە پایەی ژیانەوە، بیر لەوە دەکاتەوە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێ، پێویستە ئەو بیرەوەریانە بە ناونیشانی "لە پەراوێزی کوردایەتیدا" بنووسمەوە، جگە لەوە رۆژنامەنووسێک هەیە بەناوی "فاروق عومەر" هەوڵێکی داوە لە رێگای پرسیارەوە بیرەوەرییەکانم تۆماربکات.

شێلان: جگە لە نووسینی بڵاوکراوەکانت چی تری بەدەستەوەیە؟

کەمال مەزهەر: دوو کتێبم هەیە ئامادەن بۆ چاپ بەڵام بیاری چاپ زۆر سەختە، وچاپی دانەیانن، یەکێکیان لەسەر "خەباتی گەلی کورد لە ئێران تا کەوتنی کۆماری مهاباد" کە گەلێک بەڵگەنامەم دەربارەی ئەو مێژووە نووسیوە بۆیە پێموایە جێگەی خۆی بگرێ، سەربارەی ئەوە کاتێکی زۆر بەڵگەنامە بەرپرسەکانی رۆژگاری پاشای عێراق دەبەمەسەر، شتی زۆر سەرگەمیان تێدایە ئێستا بەنامەی دکتۆرای قوتابییەکیەوە خەریکم کەبەناوی "ئیسماعیل" لەسەر شاری هەولێر دەنووسێ لەبەر ئەو نامەیە گەڕاوم بۆ بەڵگەنامەکانی خۆم پێش ئەوەی تۆ بێیت لەناو یەکێ لەو بەڵگەنامەیە کە قوتابیانی هەولێر لە ساڵی 1930 شکاتنامەیەکیان پێشکەشکردووە لەسەر صلاح الدینی

لەیوبی کە تیایدا بەشانازییەوە ئەو لایەنانەیان ئەرخستووە کە قارەمانێتی بە رەگەز کورد بووە وە هەر لەناو ئەو بەڵگەنامانە راستییەکی یا بەختاریە دۆزییەوە کە ئەویش ئەوە بوو دەنخات کە دەستەیەک لە نیشتمان پەروەرانی کوردی هەولێر بەسەرۆکایەتی "عەلی مەجیدی کاکە خانی دزەیی" بە گەرمی بەدوا تۆزیاغی رابەرینەکانی شێخ مەحموود بەشداریانکردووە، یان ئەوەی کاتێک نوێنەری بالای عێراق "المندوب السامي البريطاني في العراق" لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران "جعفر عسكري" لە ماڵێکی تایدا چوونەلە کەرکووک، هەولێرو سلێمانی رەدینە دووەو تریاکی رتووبرژستانکردووە، لەبەرچاوی مەسەلەی کورد زۆر کەس لەوانە دیوەسانن، پیاوانساو دڵسۆزانە قسەیانکردووە، لەوانە سەید ئەحمەدی خانەقا، مسعایل بەگی رەواندزی، مەعروف جاوک، موحەممەد بەگی جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، ئێستا من کاتێکی زۆرم بەسەرپەرشتی نامەی ماجستێرو دکتۆرای شاگردەکانمەوە لە رواتا ئێستا دەیان لەو نامانە بەسەرپەرشتی من تەواوبوون وە جێگەی شانازییە کە (10) لەو نامانە تا ئێستا وەک کتێب چاپکراون، دووانیان دەربارەی "نوری سعید" و یەکێکیان دەربارەی "شێخ محمد رضا الشبیبی" لە لەندەن چاپکراوە، ژمارەیەکی تریشیان دەربارەی مێژووی نوێی هاورچەرخی ئێرانە.

شێلان: هەوڵت نەداوە لەدوای خۆت یەکێ بێنگەیەنیت کارەکانت تەواوبکات؟

کەمال مەزهەر: لاوکی کورم کە ئێستا تەمەنی 37 ساڵانەولە مۆسکۆ دەژی زۆر حەزیدەکرد مێژوو تەواوبکات، زۆر بەداخەوە سەرکەوتوو کەس نەبوو، کە هەندەستە تەواوبکات پێموایە ئەوە یەکێکە لەو هەڵەکانی ژیانم ئەگینا لەو باوەڕەدا بووم لاوەک مێژوونووسێکی باشی لێدەرچوایە.

شێلان: چۆن ئەو کتێبە مێژووییانە هەڵدەسەنگێنی کە لەم هەشت ساڵەی دواییدا دەرچوون وەک کورد و عەجەم، حکومەتی کوردستان هەروەها بەرگەکەی هاوار؟

کەمال مەزهەر: ئێمە ئێستا هەژارین لە بواری مێژوونووسیدا لەبەرئەوە دەرچوونی هەر نامیلکەیەک یان هەر وتارو کتێبێک دەربارەی مێژووی کورد دڵم خۆشدەکات، هەڵبەت بەرهەمی بێ کەموکورت نیە، بەڵام لایەنی چاکی ئەو بەرهەمانە زۆر زیاترن لە کەموکورتییەکانیان وە هەڵبەتە هەموویان جێگەی شیاوی خۆیان دەگرن لەناو کتێبخانەی کوردی، خۆزگە لەوەش زیاتر بەرهەمی مێژوویی بڵاودەکرایەوە

شێلان: لەی ئەم مێژوونووسانە چۆن هەڵدەسەنگێنی "د. جەمال رەشید، عبدالرقیب یوسف، موحەممەد رەسوڵ هاوار، مەلا جەمیل رۆژبەیانی"؟

کەمال مەزهەر: پێمخۆشە ناوی مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی بخەیتە سەرەتاوە چونکە شیاوی ئەوەیە کەسیان لەو بەرێزانە لە بواری خۆیاندا دریغیان نەکردووە، خزمەتییەکانیان لەلای مێژووی گەورەیە و بەشانازییەوە لەکتێبی مێژوودا باسی هەموو ئەو

ناودارانەو ئەوانەی تریشو بەرێزەوە کردووە گەلی کورد پێویستی بە دەیان مێژوونووسی لێهاتوو هەیە.

شێلان: پەیوەندی نێوان رووناکبیرانی کورد لە بەغدا لە دوای جەنگی کەنداوەوە چۆنە؟

کەمال مەزهەر: رووناکبیرانی دڵسۆزو ریکخراوییەکمان هەیە لە بارێ سەختی ژیاندا کەبارێکی وایکردووە پەیوەندی لە نێوانیاندا بەرادەیەکی پێویست پتەو نەبێت لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەوانەی وەک مەسعود محەمەدو خاسرەو جاف و موحەممەدی مەلا کەریمو کەسانی تر لە دەرگاکاندا بەرزدەبینەوە، بەداخەوە ئێمە بەهۆی دواکەوتنمان کەمێک خۆخۆریین، وتارێکم لە هاوکاریدا بڵاوکردووەتەوە بەناوی "دەردەکوردە" ئێستا ئەو وتارەت دەخوێندەوە.

شێلان: بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە بگەرێیتەوە بۆ شارەکەی خۆت؟

کەمال مەزهەر: لە راستیدا زۆر حەزدەکەم بەڵام پێموایە لێرە زیاتر دەتوانم خزمەتی مێژووی کورد بکەم.

شێلان: داهاتووی کورد چۆن دەبینی؟

کەمال مەزهەر: لە تاریکترین رۆژدا هەمیشە رووناکبین بووم چونکە بڕوایەکی پتەوم بەگەلەکەم هەیە سەرباری ئەوەی رەوڕەوەی مێژوو لە مێژە بەرەو پێش لەڕوات پێموایە گەلەکەمان وەک خاکی داخی کوردستان خۆی پتەوە بۆیە هەر بەرەو گەشەی دەڕوات.

"ئەم چاوپێکەوتنە کەبا بووە، شێلان ئەحمەد کردوویەتی، لە ژمارە (7)ی گۆڤاری "وەهەند" بڵاوکراوەتەوە."



